# فيقهى ئاسان: پەرتووكى نوێژ: دەروازەى حەوتەم: لە بارەى نوێژى بەكۆمەڵەوە

# الفقه الميسر: كتاب الصلاة: الباب السابع: في صلاة الجماعة

< كوردى - كردي - kurdish >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانى: حاجى ئومێد عومەر چرۆستانى

پێداچوونەوەى: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# له بارەی نوێژی بەکۆمەڵەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕێزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتەکانی نوێژ، دێینە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوا لە بارەی نوێژی بەکۆمەڵ، ئەم ووتارەتان پێشکەش دەکەین، کە حەوت بابەتی لەخۆ گرتووە: بابەتی یەکەم: فەزڵی نوێژی بەکۆمەڵ وحوکمەکەی، بابەتی دووەم: ئەگەر هاتوو کەسێك چووە ناو مزگەوت ونوێژی خۆی کرد، ئایا واجبە لەسەری ئەو نوێژەی کە ئەنجامیداوە بە کۆمەڵ بیکاتەوە، بابەتی سێهەم: کەمترین ژمارە کە نوێژی بەکۆمەڵی پێ گرێدەدرێت، بابەتی چوارەم: بەچی شتێك فریای نوێژی بەکۆمەڵ دەکەویت، بابەتی پێنجەم: کێن ئەوانەی بیانوی شەرعیان هەیە لە نەکردنی نوێژی بەکۆمەڵ، بابەتی شەشەم: دووبارە کردنەوەی نوێژی بەکۆمەڵ لە یەك مزگەوتدا، بابەتی حەوتەم: حوکمی نوێژ کاتێك قامەت کرا بۆ نوێژێکی فەرز.

### بابەتی یەکەم: فەزڵی نوێژی بەکۆمەڵ وحوکمەکەی.

1-فەزڵی نوێژی بەکۆمەڵ: ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوتەکاندا یەکێکە لە شەعائیرە گەورەکانی ئیسلام، وە موسڵمانانیش هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدانی هەر پێنج نوێژەکە بە کۆمەڵ لە مزگەوتدا لە گەورەترین طاعەتەکانە، بێگومان خوای گەورە کۆڕ وکۆبونەوەی موسڵمانانی لەچەند کاتێکدا بۆ بڕیار داون، لەوانەش: لەکاتی پێنج نوێژە فەرزەکان، و نوێژی هەینی، ونوێژی جەژنەکان، ونوێژی خۆر گیران ومانگ گیراندا، گەورەترین کۆبونەوەش کۆبونەوەی ڕۆژی عەرەفەیە، کە ئاماژەیە بۆ یەکێتی و یەکگرتووی ئومەتی ئیسلامی لە بیروباوەڕ وپەرستن وتەواوی شەعیرەکانی ئیسلامدا، ئەم کۆڕ وکۆبونەوە گەورانەش بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان خوای گەورە بڕیاری لەسەرداوە، چونکە بەهۆیانەوە پەیوەندیەکانی نێوانیان گەرم وگوڕتر دەبێت، ولەحاڵ وگوزەرانی یەکتر دەپرسن، وغەیر ئەمانەش کە گرنگن بۆ ئومەتی ئیسلامی بەگەل و نەتەوە وهۆزە جیاوازەکانیەوە، وەك خوای

گەورە فەرموویەتی:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ﴾[1]، واتا: ئەی خەڵکینە! ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك درووست کردووە، واتە لە باوك و دایکێك، وە کردومانن بە چەند هۆزو عەشیرەت و قەومێکەوە، تا بە برایەتی و خۆشەویستییەوە لەگەڵ یەکتریدا مامەڵە بکەن و جیاوازیی ڕەنگ و زمان و جێگاو وولآتتان نابێت ببێتە هۆی ڕق لێ بوونەوەو دوژمنایەتیی لە نێوانتاندا... بێگومان باشترین کەستان لەلای خوا ئەو کەسەتانە کە لە هەمووتان پارێزکارترو لە خوا ترس تر بێت و کاری چاکە بکات و خۆی لە هەموو قسەو کردەوەیەکی خراپ بپارێزێت.

پێغەمبەری خوایش (صلی الله علیه وسلم) هانی موسڵمانانی داوە لەسەر نوێژی کۆمەڵ، و فەزڵ و گەورەی پاداشتەکەی بۆ ڕوون کردونەتەوە، هەروەك فەرموویەتی: { صلاة الجماعة أفضل من صلاة الفذ – يعني الفرد – بسبع وعشرين درجة }[2]، واتا: نوێژی کۆمەڵ باشتر وخێری زیاترە لە نوێژی تاك بە بیست وحەوت جاران.

هەروەها فەرموویەتی: { صَلَاةُ الرَّجُلِ فِي الْجَمَاعَةِ تُضَعَّفُ عَلَى صَلَاتِهِ فِي بَيْتِهِ وَفِي سُوقِهِ خَمْسًا وَعِشْرِينَ ضِعْفًا وَذَلِكَ أَنَّهُ إِذَا تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الْمَسْجِدِ لَا يُخْرِجُهُ إِلَّا الصَّلَاةُ لَمْ يَخْطُ خَطْوَةً إِلَّا رُفِعَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ وَحُطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ فَإِذَا صَلَّى لَمْ تَزَلْ الْمَلَائِكَةُ تُصَلِّي عَلَيْهِ مَا دَامَ فِي مُصَلَّاهُ اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَيْهِ اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ .. }[3].

واتا: نوێژی بەکۆمەڵێ کەسێك خێری زیاترە لەو نوێژەی کە لەماڵەوە یان لە بازاڕەکەی دەیکات بە بیست وپێنج جار زیاتر، ئەویش بەوەی دەست نوێژێکی جوان ورێك وپێك بگرێت وپاشان بڕوات بۆ مزگەوت، چوونە دەرەوەیشی تەنها بۆ نوێژ بێت، هەر هەنگاوێکی کە دەینێت پلەیەك بەرزی دەکاتەوە و گوناهو تاوانێکیشی لێ دەسڕێتەوە، جا کاتێك نوێژەکەی کرد بەردەوام فریشتەکان داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکەن مادامێك لەجێگای نوێژەکەی مابێتەوە، دەڵێن: ئەی خوای گەورە لەگوناهی خۆشبە و ڕەحمی پێ بکە.

(1) سورەتی: الحجرات: ئایەتی: 13.

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (645-646) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (650) ڕیوایەتیان کردووە.

(3) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (647).

2-حوكمی نوێژی كۆمەڵ: ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەكە واجبە، قورئان و سوننەتیش بەلگەن لەسەر ئەمە، خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ وَإِذَا كُنتَ فِيهِمۡ فَأَقَمۡتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَلۡتَقُمۡ طَآئِفَةٞ مِّنۡهُم مَّعَكَ ﴾ [1]، واتا: ڕووی ئەم فەرمایشتە پیرۆزە لە پێغەمبەری ئازیزە (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: ئەگەر لەگەڵ لەشكردا بوویت و پێش نوێژیت بۆ كردن، ئەوە با دەستەیەكیان نوێژت لەگەڵدا دابەستن بێ ئەوەی چەكەكانیان لە خۆیان بكەنەوە.

جا كاتێك خوای گەورە لە جەنگدا فەرمانی كردبێت بەوەی كە نوێژەكان بەكۆمەڵ ئەنجام بدرێن، بەئەولاتر لە غەیری جەنگدا دەبێت بەكۆمەڵ ئەنجام بدرێن، چونكە هەموو فەرمانێك لە قورئاندا بۆ واجبێتیە مەگەر بەڵگەیەك لە مانای واجبێتی لابدات بۆ مانایەكی تر، دیارە ئەو بەڵگەیەش بوونی نیە.

لە سوننەتیشدا: ئەو فەرموودەیەی كە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە بەڵگەیە لەسەر واجبێتی نوێژی بەكۆمەڵ، وەك دەڵێت: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { أَثْقَلَ صَلَاةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلَاةُ الْعِشَاءِ وَصَلَاةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلَاةِ فَتُقَامَ ثُمَّ آمُرَ رَجُلًا فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ مَعَهُمْ حُزَمٌ مِنْ حَطَبٍ إِلَى قَوْمٍ لَا يَشْهَدُونَ الصَّلَاةَ فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ بِالنَّارِ } [2]، واتا: قورسترین نوێژ لەسەر دوو ڕووەكان نوێژی عیشا ونوێژی بەیانیە، جا ئەگەر ئەوانە بیانزانیایە ئەو دوو نوێژە چەندێك خێر وفەزڵیان گەورەیە، هەر بە گاوەڵكێ دەهاتن بۆی، وام نیاز كرد كە فەرمان بكەم بە نوێژكردن و قامەت بكرێت و پاشان فەرمان بكەم بەكەسێك نوێژ بۆ خەڵكی بكات، دواتر خۆم لەگەڵ چەند پیاوێكدا چەند كۆڵە دارێك ببەم بۆ ئەو كەسانەی كە ئامادەی نوێژی كۆمەڵ نابن، بڕۆم ماڵەكانیان بە ئاگر بەسەردا بسوتێنم.

بێگومان ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر واجبیەتی نوێژی بەكۆمەڵ، چونكە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) یەكەم: وەصفی ئەو كەسانەی بە دوو ڕوو كردووە كە ئامادەی نوێژی بەكۆمەڵ نابن، دیارە ئەگەر نوێژی بەكۆمەڵ سوننەت بوایە بە دوو ڕوویی نەدەژمێررا، بۆیە ئەمە بەڵگەیە

(1) سورەتی النساء: ئایەتی: 102.

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (644) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (651) ڕیوایەتیان كردووە.

لەسەر ئەوەی ئەوان واجبێکیان واز لێهێناوە، دووەم: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نیازی کرد بە سزای ئەو کەسانە بدات کە ئامادەی نوێژی بەکۆمەڵ نابن، دیارە سزادانیش بۆ نەکردنی واجبە نەك سوننەت، ئەوەیشی ڕێگر بوو لەوەی بە ئاگر سزایان بدات، ئەوەبووە جگە لەخوای گەورە دروست نیە کەس بە ئاگر سزای کەس نادات، وە ووتراویشە: ئەوەی ڕێگر بووە لەو سزایە ئەوە بوو ئەو ماڵانە کەسانێکی وەك ئافرەتان و منداڵانی تێدا بووە کە نوێژی بەکۆمەڵیان لەسەر واجب نیە.

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە واجبێتی نوێژی بەکۆمەڵ دەسەلمێنێت: ئەو پیاوە کوێر و نابینا بوو کە کەسێکی نەبوو دەستی بگرێت و بیبات بۆ مزگەوت، داوای کرد کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتی بدات کە لەماڵەوە نوێژەکەی بکات، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: ئایا گوێبیستی بانگ دەبیت؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: دەبێت وەڵامی بانگەکە بدەیتەوە، من ڕوخصەتێك نابینم بۆ تۆ [1].

وە هەروەها لە فەرموودەیەکی تریشدا فەرموویەتی: { من سمع النداء فلم يجب، فلا صلاة له إلا من عذر } [2]، واتا: هەر کەسێك گوێی لە بانگ بوو، وە وەڵامی بانگی نەدایەوە بەوەی نەهات بۆ نوێژەکەی، ئەوا نوێژەکەی دروست نیە، مەگەر بیانویەکی شەرعی هەبێت.

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودیش (خوای لێ ڕازی بێت) ووتویەتی: { لقد رأيتنا وما يتخلف عنها إلا منافق معلوم النفاق } [3]، واتا: ئێمە کاتی خۆی وامان دەبینی هیچ کەسێك لە نوێژی بەکۆمەڵ دوا ناکەوێت کەسێکی دوو ڕوویی ئاشکرا و ڕوون نەبێت.

بێگومان نوێژی بەکۆمەڵ لەسەر پیاوان واجبە، وە لەسەر ئافرەتان و منداڵانی نابالغ واجب نیە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەبارەی ئافرەتانەوە فەرموویەتی: { وبيوتهن خير لهن } [4]، واتا: ماڵەکانیان باشتر و خێرترن بۆیان کە نوێژی

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (653) ڕیوایەتی کردووە.

(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (551) وە ابن ماجەش بە فەرموودەی (793) ڕیوایەتیان کردووە، وە حاکمیش هەروەها (254/1)، وە بە پێی مەرجەکانی بوخاری وموسلیم بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی: (صحيح سنن ابن ماجه) فەرموودەی ژمارە (645).

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (654) ڕیوایەتی کردووە.

(4) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1230) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (570) ڕیوایەتیان کردووە.

تێدا بکەن، بەڵام هیچ ڕێگریەك نیە لەوەی ئافرەتان ئامادەی نوێژی بەکۆمەڵ ببن لە مزگەوتدا، بەو مەرجەی خۆیان داپۆشن و داوێنی خۆیان بپارێزن دوور بن لە فیتنە وخراپە، وە بە مۆڵەتی پیاوەکانیان بێت، دەبێت ئەوەش بزانین کە نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا لەسەر ڕای دروست لەسەر ئەو کەسانە واجبە کە نوێژیان لەسەر فەرزە.

بۆیە هەرکەسێك بە بیانوویەکی شەرعی وازی لە نوێژی بەکۆمەڵ هێنا وبە تەنها نوێژەکەی ئەنجامدا، نوێژەکەی دروستە، بەڵام بە وازهێنان لە واجبێك گوناهبار دەبێت.

**بابەتی دووەم: ئەگەر هاتوو کەسێک چووە ناو مزگەوت ونوێژی خۆی کرد، ئایا واجبە لەسەری ئەو نوێژەی کە ئەنجامیداوە بە کۆمەڵ بیکاتەوە.**

دووبارە کردنەوەی نوێژ بەکۆمەڵ واجب نیە لەسەری، بەڵکو سوننەتە بۆی، نوێژی یەکەمجار فەرز بووە لەسەری، و دووبارەکردنەوەشی بە کۆمەڵ سوننەت بووە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو ذەر (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە، ودەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: { كيف أنت إذا كان عليك أمراء يؤخرون الصلاة عن وقتها، أو يميتون الصلاة عن وقتها، قلت فما تأمرني؟ قال: صل الصلاة لوقتها، فإن أدركتها معهم فصل، فإنها لك نافلة }[1]، واتا: ئایا تۆ چی دەکەیت کاتێك کەسانێك دەبن بە کاربەدەست وفەرمانبەرت کە نوێژەکانیان لەکاتی خۆی دوادەخەن، یان نوێژەکانیان لەکاتی خۆی دەمرێنن (مەبەست لێی دواخستنە)، ووتم: بەچی فەرمانم پێدەکەیت؟ فەرمووی: نوێژەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدە، جا کاتێك ئەگەر لەگەڵ ئەوانیشدا پێدا گەیشتیت ئەوا سوننەتە بۆ تۆ.

هەروەها بەو دوو پیاوەشی فەرموو کە لە مزگەوت نوێژەکانیان نەکردبوو، { إذا صليتما في رحالكما، ثم أتيتما مسجد جماعة فصليا معهم، فإنها لكما نافلة }[2]، واتا: ئەگەر هاتوو لەشوێن وجێگای خۆتان نوێژەکانتان کردبوو، وە پاشان هاتن بۆ مزگەوت نوێژی بەکۆمەڵی لێدەکرا، ئەوا لەگەڵیان نوێژ بکەنەوە، ئەو نوێژەتان بۆ ئێوە سوننەت دەبێت.

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (648) ڕیوایەتی کردووە.

(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (551- 576) وە تیرموذیش بە فەرموودەی (219) ڕیوایەتیان کردووە، وە نەسائیش هەروەها (112/2)، وە تیرموذی ووتویەتی: فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی: (صحيح الترمذي) فەرموودەی ژمارە (181).

### بابەتی سێهەم: کەمترین ژمارە کە نوێژی بەکۆمەڵی پێ گرێدەدرێت.

کەمترین ژمارە کە نوێژی بەکۆمەڵی پێ گرێ بدرێت بەبێ جیاوازی دوو کەسە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی بە مالیکی کوڕی حوەیرث: { إذا حضرت الصلاة فأذنا، ثم أقيما، وليؤمكما أكبركما }[1]، واتا: ئەگەر کاتی نوێژ هات – وەوو کەس بوون – ئەوا بانگ بدەن، و قامەت بکەن و نوێژەکەتان بکەن، با گەورەترینتان ببێت بە ئیمام و پێش نوێژ بۆ ئەوی ترتان بکات.

### بابەتی چوارەم: بەچی شتێک فریای نوێژی بەکۆمەڵ دەکەویت.

ئەگەر مرۆڤ بە ڕکاتێك نوێژی بەکۆمەڵدا بگات ئەوا فریای ئەو نوێژە کەوتووە، وە هەر کەسێك بەبێ دوو دڵی بگات بە کڕنوشی ڕکاتێك و تەواو لاشە و جەستەی لە جوجوڵ کەوت و بەردەوام بوو لە نوێژەکەی، ئەوا فریای ئەو ڕکاتە کەوتووە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { إِذَا جِئْتُمْ وَنَحْنُ سُجُودٌ فَاسْجُدُوا وَلا تَعُدُّوهَا شَيْئًا، وَمَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلاةَ }[2]، واتا: ئەگەر هاتن بۆ نوێژ وئێمە لە سوژدەدا بووین، ئەوا ئێوەش سوژدە ببەن، وە بە هیچی مەژمێرن، واتا بە ڕکاتی دامەنێنن، وە هەرکەسێك بگات بەڕکاتێکدا ئەوا بێگومان گەیشتووە بە نوێژەکەدا.

### بابەتی پێنجەم: کێن ئەوانەی بیانوی شەرعیان هەیە لە نەکردنی نوێژی بەکۆمەڵ.

مرۆڤی موسڵمان لەم چەند حاڵەتەی خوارەوەدا بیانوی شەرعی هەیە کە نوێژی بەکۆمەڵ واز لێ بهێنێت، ئەوانیش بریتین لە:-

1- کاتێك نەخۆش بێت، نەخۆشیەکی وا ئەگەر بچێت بۆ نوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوت تووشی ناڕەحەتی ببێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَّيۡسَ عَلَى ٱلۡأَعۡمَىٰ حَرَجٞ وَلَا عَلَى ٱلۡأَعۡرَجِ حَرَجٞ وَلَا عَلَى ٱلۡمَرِيضِ حَرَجٞۗ ﴾[3]، واتا: نابیناو شەل و نەخۆش، هیچ حەرەج و گوناهێکیان لەسەر

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (658) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (674) ڕیوایەتیان کردووە.

(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (875) وە ابن ماجە بە فەرموودەی (468) ڕیوایەتیان کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی: ( الإرواء ) فەرموودەی ژمارە (496).

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (572) ڕیوایەتی کردووە .

نییە لە نەچوون بۆ جیهاد، دیارە ئایەتەکە وەك زانایان دەڵێن: ئەگەر بێتۆ بەڵگە بێت لەسەر عوزری ئەو کەسانە بۆ نەکردنی جیهاد و تێکۆشان ئەوا بەڵگەشە لەسەر بە عوزر دانانی بۆ تەواوی واجب و فەرزەکانی تر.

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) خۆیشی کاتێك نەخۆش کەوت نەچوو بۆ مزگەوت، وە فەرمانی کرد کە ئەبو بەکری صەدیق نوێژ بۆ موسڵمانان بکات [1].

هەروەها بە بەڵگەی ووتەکەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود ( خوای لێ ڕازی بێت ) ووتبوی: { لقد رأيتنا وما يتخلف عنها إلا منافق قد علم نفاقه، أو مريض } [2]، واتا: ئێمە کاتی خۆی وامان دەبینی هیچ کەسێك لە نوێژی بەکۆمەڵ دوا ناکەوێت کەسێك نەبێت کە دوو ڕوویەکی زانرا بێت، یان کەسێکی نەخۆش بێت.

هەورەها کەسێکیش ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو لەبەر هەر هۆیەك بێت نەخۆش بکەوێت ئەگەر بچێت بۆ نوێژی بەکۆمەڵ، چونکە ئەوەش دەچێتە چوار چێوەی ئەو مانایەوە.

2- ئەگەر کەسێك تەنگەتاو بێت بە میز یان پیسایی، یان لەکاتی نوێژی بەکۆمەڵداخواردن ئامادەبێت وئەویش برسی بێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی: { لا صلاة بحضرة الطعام، ولا هو يدافع الأخبثين } [3]، واتا: نوێژ دروست نیە کاتێك خواردن ئامادەبێت، یان کاتێك تەنگەتاو بێت بە یەکێك لە پیسیەکان.

3- کەسێك شتێکی وون بووبێت وئومێدی هەبێت بیدۆزێتەوە، یان کەسێك بترسێت ماڵ وسامانەکەی یان قوت وخواردنەکەی تیابچێت، یان زیانی پێ بگات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی: { من سمع النداء فلم يمنعه من اتباعه عذر، قالوا: فما العذر يارسول الله؟ قال: خوف أو مرض، لم يقبل الله منه

(1) بوخاری موسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (713) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (418) ڕیوایەتیان کردووە.
(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (654) ڕیوایەتی کردووە .
(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (560) ڕیوایەتی کردووە .

الصلاة التي صلى }[1]، واتا: هەركەسێك گوێی لە بانگ بێت، هیچ شتێك ڕێگری نابێت لە چوون بۆ نوێژ بیانویەكی شەرعی نەبێت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو بیانوانە چین؟ فەرمووی: ترس یان نەخۆشی، خوای گەورە ئەو نوێژەی بەو شێوەیە بكرێت گیرای ناكات.

هەروەها هەموو كەسێك لە گیان وماڵ وسامان وخێزان و منالَی بترسێت كە تووشی زیانێك ببن، بیانوی شەرعی هەیە كە نەچێت بۆ نوێژی بەكۆمەڵ، چونكە ترس خۆی لەخۆیدا بیانوویەكی شەرعیە بۆ نەكردنی نوێژی بەكۆمەڵ.

4- تووشی زیان بوون بەهۆی باران وقوڕ ولیتە وبەفر وسەرما وسۆڵەوە، یان بەهۆی ڕەشەبای زۆر سارد لە شەوێكی تاریكدا، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە عەبدوڵای كوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی كردووە، ودەڵێت: { كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يأمر المؤذن، إذا كانت ليلة باردة ذات مطر، يقول: ألا صلوا في الرحال }[2]، واتا: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی كرد بە بانگبێژەكە، كاتێك ئەگەر شەوێكی ساردی باراناوی بوایە، دەیووت: ئاگاداربن لە شوێن وجێگای خۆتان نوێژەكانتان بكەن.

5- تووشی ناڕەحەتی بوون ئەگەر هاتوو پێش نوێژەكە نوێژەكەی درێژ كردووە، چونكە ئەو پیاوەی لەگەڵ موعاذی كوڕی جەبەل نوێژەكەی كرد، كاتێك موعاذ نوێژەكەی زۆر درێژ كردەوە، ئەوە بوو ئەو پیاوە تاك بوویەوە و بەتەنها نوێژەكەی كرد، كاتێكیش كێشەكەی بۆ پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) باسكرد، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئینكاری ئیشەكەی نەكرد[3].

6- ئەگەر كەسێك ترسی ئەوەی هەبوو هاوەڵەكانی لە سەفەر بەجێی دەهێڵن، چونكە لەو كاتەی كە نوێژە بەكۆمەڵەكەی دەكات یان چوویە ناویەوە دڵی سەرقاڵی سەفەرەكەی وبەجێ نەهێشتنی برادەر

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (551) ڕیوایەتی كردووە، بەم لەفزە فەرموودەیەكی لاوازە، بەڵام بەم لەفزە صەحیحە: (من سمع النداء فلم يأته فلا صلاة له إلا من عذر)، بڕوانە پەرتووكی: (الإرواء) (2/336-337).

(2) بوخاری موسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (632) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (697) ڕیوایەتیان كردووە، لەفزەكەش لەفزی موسلیمە.

(3) بڕوانە صەحیحی موسلیم فەرموودەی ژمارە (465) .

وهاوەڵەکانی دەبێت، بۆیە دروستە لەو کاتەدا نوێژەکەی بەکۆمەڵ نەکات و لەگەڵ هاوڕێکانیدا بڕوات.

7- ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر کەسێکی نزیکی لەکاتی مردنیدا لای نەبێت، وەك ئەوەی خزمێکی یان کەسێکی نزیکی لەسەرەمەرگدا بێت و حەز بکات لای بێت بۆ ئەوەی شایەتومانی بخاتە سەر زمان، و هەندێك شتی هاوشێوەی ئەوە، دەبنە بیانوی شەرعی بۆ نەکردنی نوێژ بەکۆمەڵ.

8-لەگەڵ بوونی قەرزارەکەی، ئەو قەرزارەی کە هیچ شتێکی پی نیە قەرزەکەی ببژێرێت، لەو کاتەدا ئەتوانێت نوێژەکەی بەکۆمەڵ نەکات، بۆ ئەوەی دواتر تووشی ئەزیەت وناڕەحەتی نەبێت کە بگەڕێت بەشوێن قەرزارەکەیدا.

### بابەتی شەشەم: دووبارە کردنەوەی نوێژی بەکۆمەڵ لە یەک مزگەوتدا.

ئەگەر هاتوو هەندێك کەس دواکەوتن لە نوێژی بەکۆمەڵی ئەو مزگەوتەی کە ئیمامێکی فەرمی بەمووچەی هەیە، وە نوێژەکەیان لەکیس چوو، دروستە بۆیان لە هەمان مزگەوت نوێژی بەکۆمەڵی دووەم بکەنەوە، بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: { صلاة الرجل مع الرجل أزكى من صلاته وحده... الحديث }[1]، واتا: نوێژێ کەسێك لەگەڵ کەسێکی تردا، خاوێنتر وباشترە بۆی لەو نوێژەی بەتەنها ئەنجامی دەدات ... فەرموودەکە.

وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بەو پیاوەی کە پاش تەواو بوونی نوێژی بەکۆمەڵ هاتە ناو مزگەوتەوە: { من يتصدق على هذا فيصلي معه ؟ فقام أحد القوم، فصلى مع الرجل }[2]، واتا: کێ خێرێك دەکات بەم پیاوە ونوێژی لەگەڵدا بکات، یەکێك لەو کەسانەی لەوێ بوون هەستایەوە و لەگەڵ ئەو پیاوە نوێژی کردەوە.

---

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (554) ڕیوایەتی کردووە، وە نەسائیش (104/2)، وە هەروەها ئەحمەد (140/5)، وە حاکمیش (247/1)، وە حاکم بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، ابن حجريش لە پەرتووکی (التلخيص الحبير) دا باسی کردووە، (26/2)، ابن السكن وعەقيلی وحاكم وابن المديني هەر هەموویان بە صەحیحیان داناوە.

(2) تیرموذی بە فەرموودەی (220) ڕیوایەتی کردووە، وە هەروەها ئەحمەد (5/3)، وە تیرموذی فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی: (صحيح الترمذي) فەرموودەی ژمارە (182).

هەروەها ئەگەر هاتوو مزگەوتەکە مزگەوتی بازاڕ یان سەرە ڕێگا یان هاوشێوەی ئەوانە بوو، هیچ گرفت نیە کە نوێژی بەکۆمەڵی تێدا دووبارە بکرێتەوە، بە تایبەت ئەگەر هاتوو ئەو مزگەوتانە ئیمامێکی فەرمی بە مووچەیان نەبوو، وە خەڵکیش زۆر هاتوچۆیان دەکردن.

بەڵام ئەگەر هاتوو مزگەوتەکە هەمیشەدوو یان زیاتر نوێژی بەکۆمەڵی تێدا ئەنجام دەدرا، وە خەڵکیش ئەمەیان کردبوو بە خوویەکی هەمیشەیی خۆیان، ئەوە لەم کاتەدا دروست نیە، چونکە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هاوەڵانی بەرێزیدا شتی وا نەبووە، وە کارێکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان موسڵمانان وهۆکارێکیشە بۆ دروست بوونی تەمەڵی وتەوەزەلی لە ئامادە بوون لە نوێژی بەکۆمەڵی یەکەم لەگەڵ ئیمامە فەرمیەکەدا، وە پێدەچێت ببێت بەهۆی دواخستنی نوێژ لەسەرەتای کاتەکەیەوە.

### بابەتی حەوتەم: حوکمی نوێژ کاتێک قامەت کرا بۆ نوێژێکی فەرز.

ئەگەر هاتوو بانگدەر دەستی کرد بە قامەتکردن بۆ نوێژێك لە نوێژە فەرزەکان، دروست نیە بۆ کەس دەست بکات بەکردنی نوێژێکی سوننەت، چونکە دەبێتە هۆی سەرقاڵ بوونی بە سوننەتێك کە خۆی بەتەنها ئەنجامی دەدات، لە ئەنجامدانی نوێژێکی فەرز کە بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { إذا أقيمت الصلاة، فلا صلاة إلا المكتوبة }[1]، واتا: ئەگەر قامەت کرا بۆ نوێژ، هیچ نوێژێك دروست نیە بکرێت نوێژی فەرز نەبێت.

وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پیاوێکی بینی نوێژی دەکرد لەکاتێکدا بانگدەرەکە دەست کرد بە قامەت کردن بۆ نوێژی بەیانی، پێی فەرموو: ئایا نوێژی بەیانی چوار ڕکات دەکەیت؟[2].

بەڵام ئەگەر هاتوو بانگدەرەکە کاتێك دەستی کرد بە قامەت کردن، ئەو کەسەی کە نوێژی سوننەت دەکات پێشتر دەستی کردبوو بە نوێژەکەی، لەم کاتەدا کەسەکە نوێژەکەی کورت وپوخت دەکاتەوە

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (572) ڕیوایەتی کردووە.

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (711) ڕیوایەتی کردووە.

وخێرا دەکات لە تەواو کردنی بۆ ئەوەی خێری تەکبیرەی نوێژ دابەستنی لەدەست نەچێت، ودەست پێشخەر بێت لەچوونە ناو نوێژە فەرزەکەوە.

وە هەندێك لە زانایان ڕایان وایە ئەگەر هاتوو ئەو کەسە لە ڕکاتی یەکەمدا بوو ئەوا دەبێت نوێژەکەی ببڕێت، وە ئەگەر لەڕکاتی دووەمدا بوو، ئەوا سوك وپوختی دەکاتەوە، وخۆی دەگەیەنێت بە نوێژە بەکۆمەڵەکەدا.

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین لەو کەسانەمان بگێڕێت کە هەمیشە لەڕیزی یەکەمی نوێژە بەکۆمەڵەکانەوەن، تاوەکو بەیارمەتی خوای گەورە لە سەرفرازان و سەرکەوتووانی ڕۆژی دوایی بین] وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم